www.kurdistannet.org
30-1-2006 11:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەنفلوەنزای باڵندە بلاوبۆتەوە یان نا؟ ... گۆران فەتحی



ئەمجارە دوور لەسیاسەت هەڵوەستەیەك لەسەر بلاوبوونەوەو سەرهەڵدانی ئەنفلوەنزای باڵندە دەكەین. . كە نەخۆشیەكی كوشندەیەو زۆربەی وڵاتانی جیهان كەوتوونەتە خۆ و ئامادەباشیان وەرگرتووە بەرامبەری. نەخۆشیەكە سەرەتا لەرۆژئاوای ئاسیاوە سەری هەڵداو دواتر رووووەو رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەوروپا بۆوە. ئەم پەتایە سەرەتا لەنێو باڵنددا بلاودەبێتەوە دواتریش بەهۆی نزیكبوونەوەی مرۆڤ لەو باڵندانەو لەرێگەی هەناسەو دەست لێدانەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ و دەبێتە هۆی تووشبوونی بەو پەتایە و گیان لەدەست دانی.
ئەگەر تۆزێك بگەرێینەوە بۆ چەند ساڵ لەمەوبەر دێتەوە یادمان پەتای (سارس) چ مەترسیەكی دروست كرد لەچەند وڵاتێك و سەدان كەسیش بوونە قوربانی بەهۆیەوە. بۆ رێگرتن و ئامادەباشی دژ بەنەخۆشی ئەنفلوەنزای باڵندەش وڵاتە سەرمایەدارەكان بەڵێنی پێشكەش كردنی دوو ملیار دۆلاریان داوەو بانكی نێو دەوڵەتیش وامەزنە دەكات ئەگەر نەخۆشیەكە ببێتە پەتاو ساڵێك بخایەنێت ئابووری جیهان تووشی زیانێك دەكات كە خۆی لەهەشت سەد ملیار دۆلار دەدات و دەبێتە هۆی مردنی ملیۆنەها مرۆڤ ئەگەر ڤایرۆسەكە گۆرانی بەسەردا بێت و بتوانێت لەمرۆڤێكەوە خۆی بگوازێتەوە بۆ مرۆڤێكی تر. . بەلاَم ئەوەی جێگای دڵخۆشییە كۆمپانیای رۆش هولَندنگی سویسری بەرهەمهێنەری دەرمانی تامیفلۆ رایگەیاند كە ئەودەرمانە دەتوانێت رێگە لەو نەخۆشییە بگرێت و دەتوانرێت وەكو چارەسەریەك بەكاربهێنرێت دژ بە ئەنفلوەنزاكە.
ئەنفلوەنزای باڵندە تا ئێستا لەچەند وڵاتێكدا بلاوبووەتەوەو بەرەسمی ئەو پەتایەی تێدا راگەیەندراوە وەكو چین و توركیاو چەندین حاڵەتی مردنیان تێدا روویداوە.
ئەوەی جێگای نیگەرانیە لەگەڵ ئەوەی هەواڵ و دەنگۆی ئەوە هەیە دەربارەی بلاوبوونەوەی ئەو پەتایە لەكوردستان و عێراقداو دوای ئەوەی كچێك بەناوی شنگوڵ لەرانیە تووشی نەخۆشی تەنگە نەفەسی بوو لەسلێمانی كۆچی دوایی كرد راگەیەندرا كەرەنگە ئەو كچە بەئەنفلوەنزای باڵندە مردبێت. . دواترو دوای ناردنی نموونەیەك بۆ ئەردەن بۆ شیكاری و دوای گەرانەوەی ئەنجامەكە رایانگەیاند كەئەو كچە بەئەنفلوەنزای باڵندە نەمردووە، ئەمەو بەرپرسانی حكومی و تەندروستی نكۆڵی لەوە دەكەن كە پەتاكە گەیشتبێتە ئێرە، ئەمەش رەنگە بۆ ئەوەبێت خەڵكی تووشی ترس و دڵەراوكێ نەبن. . .
بەلاَم رەنگە ئەمە خراپی لێ بكەوێتەوە بەوەی وا لەخەڵكی بكات هیچ ترسێكیان نەبێت لەتووشبوون بەو نەخۆشیە و بەردەوام بن لەسەر خواردنی مریشك، ئەمەش مەترسی ئەوەی لێ دەكرێت خەڵكێكی زۆر تووشی نەخۆشیەكە ببن. . . بۆیە واباشترە حكومەت راستی مەسەلەكە بەخەڵك رابگەیەنێت بۆ ئەوەی نەخۆشیەكە بەشێوەیەكی بەرفراوان تەشەنە نەسەنێت لەبەر ئەوەی لەوڵاتی ئێمەدا هیچ چارەسەرو رێگەچارەیەك نییە بەرامبەر بەو نەخۆشییە.